# سەدجار دەڵێم  لێم ببوورە!!

هاوکار حەوێز
hawkar.hawez@gmail.com

بۆ ناتبینم؟
لە هەمان شار....
لەو شارەی تۆ بسکی ماڵئاوای،
ئەوینت بڕی و داتەدەستی من !!
ووتت بۆ هەر لایێک دەچی،
زەمەن تۆچەند حەشار بدا
هەردێیتەوە....
ئەو نهێنیە دەخەیتەوە نێو مستی من!!
منی میوان.....
ئەمڕۆ هاتووم بۆ هەمان شار،
تۆی خاوەن ماڵ،خاوەن پەیمان،
بەدی ناکەم...
شەقام کۆڵان ...گوزەر نەما
لەچاوما وێنەی  هەڵ نەگرم
کەچی سیمای تۆم هەرنەدی!!
هەنگاو هەنگاو..
بۆ کۆنترین جێگای ژووان،
دوا جغارەی  هیلاک بوونم
لە نوێترین جێ ژوواندا بۆ داگیرسان،
چەند جێ پێ تۆم ناسینەوە
بەڵام باڵای تۆم هەر نەدی!!
کەلێن و قوژبنی شارم جوان پشکنی ،
شار ڕەنگی تۆی لێ نیشتبوو
بۆنی زولفی تۆی لێ دەهات
وەلێ نەم دی تارمای تۆ   !!
ئەی کچی شار
سەد هێندەی تر  سۆراغی تۆ ،

ویڵم بکا....وەرس نابم
چونکەهەموو....
جێ ژووانەکان شەقام کۆڵان
بازاری شار ،
لەبن گوێچکەم دەچرپێنن!
کەتۆ لێرەیت...
کە تۆ هەموو پێنج شەمووانێک
سەر بەگۆڕی دوورترین جێ ژووان دادەکەیت
هەر شەقامێک یادگاری یەکت بۆبگێرنەوە،
تۆ وەک هەور لە چاوت باران دادەکەیت!!
ئەی کچی شار بۆ ناتبینم؟
خۆم بێ داوام....
وەلێ دڵم پڕاو پڕەلە داخوازی کۆن و نوێ!
ئێستا دڵم گوومبەتێکە،
لە ئارەزووی نەهاتە دیوو!
بۆ ناتبینم؟
دڵ ئارەزووی دیدەنیتە،لەشەوێکا،
لە پەنجەرەی دووایین بەڵێن
بەیەکەوە بڕوانینە ڕووی ئاسمانی یادگارەکان!
بزانین گریانی کاممان بە جۆشترە
پێکەنینی منە یان تۆ لە غوربەتی بە خورترە
ئەوسا ئەگەر هەڵەی تۆ بوو
تاهەتایە مەگەڕێوە ئەم سنوورە!!
ئە وسا ئەگەر هەڵەی من بوو
لەناخەوە سەد جار دەڵێم ڵێم ببوورە .

070119